
## بۆکان لە ئەمرۆ و لە مێژوودا (١٥)

ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

# بۆکان و ناوچەی بۆکان لە کتێبی فڕینی دوور

## نووسەر: ناسری حیسامی




ساڵی ١٩٥٩ لە شێخاڵی لە ناوچەی موکریان لە دایک بووم. من تەمەنم نزیک سێ ساڵ بوو کاتێک باوکم خالیدی حیسامی ناسراو بە هێدی کوڕی حاجی حەمەداغای شێخاڵی گوند و شوێنی ژیانی خۆی بە جێ هێشت و چووە ئەو دیو. ئەوکات لە قسەی خەڵکدا بە باشووری کوردستان دەکوترا ئەو دیو . یەکەم جار لە سەر تاقەی دیوەخانەکەی حاجی حەمەداغا کتێبی کوردیم دیت. کتێبێکی بچووک بوو هێنام و چووم لە باخچەکەی بەر وەتاغی دەرێ دانیشتم و هەوڵم دا بیخوێنمەوە . پیتەکانی زۆریان هەر لەو پیتانە دەچوون لە خوێندنگە فێریان ببووم. هێندێکیان جیاواز بوون کە هێندێکم خوێندەوە تێگەیشتم کوردییە. . تا ئەو کاتە من نووسراوەم هەر بە فارسی دیتبوو . یەگجار هەستێکی سەیرم هەبوو کاتێک دیتم کتێبێک هەیە بەو زمانەی دایکم و ئەندامانی خێزان و خەڵکی گوندەکە پێی دەدوێن. دیوانی شیعرەکانی وەفایی بوو. زۆر جاریش لە خزم و ناسیاوم دەبیست کە باسی شیعری بابمیان دەکرد. هێندێک شیعری ئەو لە کۆڕی خزم و ناسیاواندا ناوبانگیان هەبوو. جاروباریش بابم لە رادیۆی دەنگی کوردستان شێعری دەخوێندەوە . دایکم رادیۆکەی دەگرت و ئێمەش دەمانبیست ئەوەش شیعری لە لای من خۆشەویست تر کرد . هەر لەو رادیۆیە ئەی رەقیبم بیست . لە پۆلی یەک یا دووی سەرەتایی بووم رۆژێک مامۆستای خوێندنگەی شێخاڵی کە گەنجێکی فارس بوو و لە جیاتی خزمەتی سەربازی ناردبوویانە گوندەکەی ئێمە بۆ وانە وتنەوە داوای لە خوێندکارەکان کردگۆرانی بڵێن منیش ئەی رەقیبم لە رادیۆی دەنگی کوردستان بیستبوو ئەوەم گوت مامۆستاکەم نازانم چۆنی زانی ئەوە گۆرانی نییە و سرووده نیوەڕۆ کاتێک هەموو منداڵەکانی دیکەی ناردەوە ماڵەوە بۆ نانخواردن نەیهێشت من بچمەوە و دەرگای لەسەر داخستم . بە تەنیا لە پۆلەکەدا مامەوە و زۆر ترسام . دوای ماوەیەک دەرکەی بۆکردمەوە و وەک چۆلەکەیەک بە دڵە کوتە لە قەفەسێک رزگار بووبێ بای باڵم دا و چوومەوە . کە بەسەرهاتەکەم بۆ دایکم گێڕاوە بە ئەژنۆی خۆی دادا و کوتی نەدەبوو ئەو سرووده بڵێی . لەبەر ئەوەی بابم لەودیو بوو ئێمە چاوەدێرییەکمان لە سەر بوو جاروباریش ماڵەکەمانیان دەپشکنی. من دووجارم وەبیر دێ کە ئەمنیە هاتن و ماڵەکەمانیان پشکنی.

بابم دوو کەسی ناردبوو تا ئەگەر دایکم رازی بێ ئێمە هەموومان دەگەڵ خۆیان بەرنە ئەو دیو و بمانگەیەننە لای بابم . دوو کەسەکە لە پێشدا خۆیان ئاشکرا نەکرد . چووبوونە لای حاجی حەمەداغا و قسەیان لەگەڵ ئەو کردبوو . ئەوکات ماڵەکەی ئێمە دووبەش بوو ، بەشێک کە حاجی حەمەداغای لێ دادەنیشت و پێیان دەکوت وەتاغی دەرێ , بەردهاوێژێک لەو بینایە دوور بوو کە کوڕەکانی حاجی حەمەداغا و ژن و منداڵیان لێی دەژیان. ئەوەیان حەسارێکی گەورە بوو کە چەندین ژووری بە دەورەوە بوو و حەوزێک لە ناوەڕاستەکەی بوو ئێمەش لە ژوورێکی ئەو حەسارەدا بووین . شەو کاتێک وڵات بێدەنگ دەبوو و هاتووچۆ لە ناوگونددا کەم بووەوە پیاوەکان بە نهێنی هاتنە ژوورەکەی ئێمە و لەگەڵ دایکم قسەیانکرد . دایکم رازی نەبوو بچینە ئەو دیو گوتبووی منداڵەکان دەخوێنن با ئاوارە نەبن هەڵبەت دایکم دواتر ئەوەی بۆ گێڕاینەوە . ئەوکات بۆ ئەوەی هاتنی پیاوەکان دەنگ نەداتەوە بە ئێمەیان نەگوت ئەوانە کێن . گوتیان چێودارن و ماڵات دەکڕن. چەندرۆژ دواتر ئەمنیە هاتن و دەوری ماڵەکەیان گرتین. دووسێ کەسیان بە تفەنگی درێژەوە لە سەربانەکان بوون چەند کەسیش هاتن ژوورەکان و کادێن و تەویلە و حەوز و ژێرخان و خەڵوەتییەکان گەڕان . هیچیان نەدیتەوە . ئەوە ترسێکی لە دڵی ئێمەی منداڵدا دروست کردبوو و بە گومانەوە لەو کەسانەمان دەڕوانی کە دەهاتنە ناو

گوندەکە .ماوەیەک دواتر ڕۆژێکی ساردی زستان کە بەفرێکی زۆریش بارببوو کاتێک لە خوێندنگە دەهاتینەوە دیسان ئەمنیە لە ناو گوندبوون  لە بەر ماڵێک کۆ ببوونەوە . کەسێکیان لە ماڵەکە هێنا دەر و بە دەستی کەلەپچە کراوەوە بردیان. پیاوێکی خوێندەواری گەنجی خەڵکی گوندەکە بوو کە پێیان دەکوت مەلا حەمەدەمین . دواتر لە دایکمم بیست کە مەلا حەمەدەمین کارتی لێگیراوە دەبێ مەبەست کارتی ئەندامەتی حیزب بووبێ. ماوەیەک بێ سەرو شوێن بوو و دوایە زەعیف و لاواز و بێتاقەت هاتەوە .

بۆ درێژەی خوێندن چووینە بۆکان سەرەتا چەندساڵێک هەرساڵەی لە ماڵێک خوێندمان . چەند مانگ لەگەڵ ئامۆزایەکم لە ماڵی ناسیاوێک خوێندمان . دووساڵ لە ماڵی خزمێکی دایکم . ژنەکە دولبەرخانم پووری دایکم بوو . مێردەکەشی کەریم خانی قەڵا پیاوێکی ئیمانداری بە تەمەن بوو کە هەموو بەیانان تاریک و روون هەڵدەستا و لە سەر بەرماڵەکەی قورئانی دەخوێند .پێنج کوڕیان هەبوو کە ئەحمەد کۆڕی هەرەچکۆڵەیان هاوتەمەنی من بوو و پێکەوە دەچووینە خوێندنگە . ماڵێکی ئەگجار میهرەبان و بە دەست و دڵ کە تێیدا هەستم بە غەریبایەتی نەدەکرد. لەو ساڵانەدا زیاتر هۆگری خوێندنەوەی شیعر و نووسراوی کوردی بووم . لە کۆڕوکۆمەڵی خێزاندا باسی کاک سوارە و شیعری کاک سوارە دەکرا . ئەوکات کاک سوارە بەرنامەیەکی لە رادیو پێشکەش دەکرد بە ناوی تاپۆ و بوومەلێڵ . زۆرجار بابەتەکانی ئەو بەرنامەیە دەبوونە جێی قسەوباسی خزمان و بۆ یەکیان دەگێڕاوە.

ڕۆژێکی بەهاری ١٩٧٥ دایکم بەسێ خانمی کچی قادراغای قارەمانی خەبەری پێداین  بابتان هاتۆتەوە  ئەوە هاتنەوەی بابم بۆ ئێمە وەک خەون وابوو. من چەندجار خەونم بەوەوە دیبوو بابم کوژراوە . بە مەودا زۆر لە ئێمە دوور بوو هەتا باسی دەکرا وەک رابردوو باسی دەکرا . هاتنەوەی بابم ئارەزوویەک بوو لەودیو تەمومژێکی ئەستوور . هەفتەیەک دواتر لە گەڵ دایکم چووینە مهاباد و لەوێ چووینە ماڵی خزمێک پیاوەکە ئامۆزای باوکم و ژنەکە ئامۆزای دایکم بوو . باسی هاتنەوەی باوکم کرا و ئەوان کوتیان دەڵێن لە نەغەدەن . ژنێکی بەتەمەنیان وەک شارەزا لەگەڵ ناردین کە بەرێمان کا بۆ نەغەدە.

لە نەغەدە کوتیان ئاوارەکانی ئەودیو لە ئوردووگایەکن لە قەراغ شار . دایکم و موزەفەر برای بچووکم و من چووینە ئوردووگاکە . خۆمان ناساند . کوتیان خالیداغا چۆتە ناوشار . پیشمەرگەیەک خوڵکی کردین بچینە خێوەتەکەی ئەوان دایکم و موزەفەر لەگەڵی چوون من نەچووم. خێوەتەکەی خالیداغایان نیشاندام و چووم لەوێ دانیشتم. بۆنێکی خۆشی لێدەهات بۆنی توتنێکی بۆنخۆش و ئودکلۆنێکی نەرم. ماندوو بووم خەوم لێکەوت . دوای ماوەیەک بە دەنگێک وەخەبەرهاتم کە لە دەنگی مامەکانم دەچوو . هەستام کە بچمە دەرێ بابم هاتە ژوور . دارجگەرەیەک لە ناو خێوەتەکە بوو ئەوەم بە دەستەوە بوو . بابم کە هاتە ژوور بە خێرهاتنی کردم بیستبووی ئێمە هاتووین پرسیی تۆ ناسری یا موزەفەر؟

ناسرم .

ئەدی ئەوە چییە بەدەستتەوە جگەرە دەکێشی؟ نەخێر ئەو مۆدنەیە نازانم ئی کێیە. لێرە کەوتبوو.

ئەدی دایکت و موزەفەر لر کوێن؟

پێشمەرگەیەک خوڵکی کردن چوونە خێوەتەکەی ئەوان.

کەمێک دواتر دایکم و موزەفەریش هاتنەوە . بابم بە خێرهاتنی کردن. موزەفەری بانگ کردەلای خۆی . موزەفەر بێدەنگ لە پەنای دانیشت. دایکم بە خێرهاتنەوەی بابمی کرد. دووسێ قسە هاتن و چوون. دایکم کوتی ئەو هەموو ساڵە منداڵم بە خێو کرد . بە نەداری بەخێوم کردن و نەمهێشت کەمی بینن تۆش ئاوا پاداشتت دامەوە چووی ژنت هێنا. بابم کوتی: لە خۆشی خۆمم ژن نەهێنا . چاردە ساڵە رۆیشتووم کەسم نەبوو . بە تەنێ نەدەکرا . کەس نەبوو نان و ئاویکم داتێ.

من زۆر نیگەران بووم . دایکم بە دڵپڕی و بە دەنگێکی بە هێز قسەی دەکرد . هەرگیز نەمدیبوو ژنێک وا قسە دەگەڵ مامەکانم بکا بیستبووم بابیشم تووڕەیە تەواو لەوە دەترسام یەکجێ بابم تووڕە بێ و ئیتر دیارنەبوو چ روودەدا. دوای ئەو جارەش هەرگیز نەمدی بابم هێندە لەسەرەخۆ بێ نزیکەی نیو سەعات دایکم هەر بە تووڕەیی و دڵپڕی قسەی کرد و بابم

زۆر کەم قسەی کرد تەنیا جاروبار دەیکوت نەدەکرا. دوای نیوەرۆ بابم بردینیە بازاڕ پێڵاو و جل و بەرگ و سەعاتی بۆمن و موزەفەر کڕی لە بیرم نییە چیی بۆدایک و برا و خوشکەکانم کڕیٚ ئێوارەی ئەو رۆژە گەڕاینەوە مهاباد.

کۆتایی بەهاری ئەوساڵە کاتێک خوێندنگە داخران ئەوجار بە ماڵەوە چووینە نەغەدە . بابم لەگەڵ هاوسەری دووهەمی ، باجی ئامین کچی مام قادری باغچەوان خەڵکی رانیە لە ژوورێکدا دەژیان کە خاڵەمین بەرزەنجی پێی دابوون ئێمەش لە ژوورێکی دیکەدابووین لە کۆڵانی پشت خانووەکەی خاڵەمین.

خاڵەمین پیاوێکی زانا و بەرێز بوو مام هێدی زۆری رێز لێدەگرت لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە مام هێدی خاڵەمینی وەک شاعیر و زمانزان ناسیبوو ئەوکات خاڵەمینیش دوو هاوسەری هەبوو هەرتکیان لەو ماڵەدا پێکەوە دەژیان و نێوانیان زۆرخۆش بوو . خاڵەمین خۆی دوکانێکی بچووکی هەبوو خاروباری دەفرۆشت . رۆژێک خاڵەمین بانگی کردم لێی پرسیم بە تەمای چ بخوێنی؟

حەزم لە ئەدەبییاتە.

بۆ حەزت لە ئەدەبییاتە؟

وەڵاچت عەرزکەم؟ لە دەرسەکانی دیکە زۆرباش نیم بەڵام لە ئەدەبیات باشم.

کۆڕم ئەدەبیات بە هیچ کوێت ناگەیەنیٚ. ئەوە ئەمن و بابیشت حەزمان لە ئەدەبیات بوو چمان بە چ کرد ئەوەتا ئەمن ئەوە دووکاندارم بابیشت ئەوە لە دووژووری کرێدایە. بچۆ شتێکی دیکە بخوێنە. دواتر زانیم کە مام هێدی داوای لە خاڵەمین کردبوو قسەم لەگەڵ بکا من واز لەبەشی ئەدەبی بهێنم و لە بەشی (علوم تجربی) بخوێنم. لە ساڵانی دواتریشدا چەندجار ئەوەم لە مام هێدی دیت کە ئەگەر ویستبای شتێکم پیٚ بڵیٚ و دڵنیا نەبوایە لەوەی وادەکەم کەسی دیکەی رادەسپارد قسەم دەگەڵ بکەن ، کەسی وا کە دەیزانی رێزیان لێدەگرم. هۆیەکەی پێم وایە ئەوە بوو مام هێدی نەیدەویست قسەیەکم پیٚ بڵیٚ کە لەوانە بوو وڵامی من نا بێت. گەرچی من وەبیرم نایە هەرگیز راستەوخۆ قسەی ئەوم رەت کردبێتەوە. بەڵام ئەو، ئەو پارێزەی دەکرد. لە ژیانی سیاسیشمدا مام هێدی قەت نەیکوت وابکە و وامەکە تەنیا جارێک کە دەچووم بۆ کۆبوونەوەیەک پرسی کەی دێیەوە ؟ گوتم نازانم. گوتی من زۆرم بەدی هێنا نۆرەی تۆیە.

پەیوەندی من و مام هێدی زۆر لە پەیوەندی ئاسایی باب و کوڕ نەدەچوو لەبەر ئەوەی لە سەردەمی منداڵیدا لە لای ئەو گەورە نەبووم . تا دوایین ساڵەکانی ژیانی سۆزی باوکانەی نیشان نەدەدا. پەیوەندی ئەو لەگەڵ حاجی حەمەداغای بابی چۆن بوو حەزی دەکرد پەیوەندی ئێمەش وایٚ منیش هەروام دەکرد. کە دەچوومە ژوورەکەی ئەو هەتا نەیکوتبا دانیشە دانەدەنیشتم و هەتا پرسیاری نەکردبا من سەری قسەیەکم نەدەکردەوە. لە کاتی قسەکردنی رووبەرووشدا وەک کەسی سێهەم ناوم دێنا . لەو ساڵانەی دواییدا بەڵام هەڵسوکەوتی گۆڕابوو کاتێک ماوەیەک لە لای دەبووم و دەمگوت دەچمەوە سوئێد دڵی دەگیرا. دایکم بەڵام لە هەموو قسە و هەڵسوکەوتێکیدا خۆشەویستیی خۆی نیشانی ئێمەدەدا. کاتێک لە بۆکان لە ماڵان دەمانخوێند زستانان بە کۆڵی نان و ئازووقەوە رێگایەکی دووروردرێژی بە پیٚ دەبڕی تا بگاتە سەرجادە و سواری ئوتومبێل بیٚ بێتە لامان. لە پێشمەرگایەتیش زۆرجار شار بە شار و دیٚ بە دیٚ بە دوامانـدا دەهات و جل و پێڵاو و پارەی بۆ دەهێنایـن.

لە بۆکان دوای راپەڕینی ١٩٧٩ کۆمەڵەیەکی مامۆستایان پێکهاتبوو بۆ کردنەوەی خوێندنگەکان کە حکومەت دایخستبوون . هاوکاریی ئەو کۆمەڵەیەم کرد و دواتر کاتێک شارەکان گیرانەوە و ئێمە هاتینەگوندەکان بەشێک لەوانەی پێشتر ئەندامی کۆمەڵەی مامۆستایان بوون و لایەنگری کۆمەڵە بوون لە کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵەدا یەکمان گرتەوە. لەویٚ کۆمەڵێک کتێبمان بۆ خویندنگەکان نووسی . سیٚ کتێب بە کوردی بۆ خوێندنگەی سەرەتایی و دوو کتێب بە فارسی بۆ گەورەساڵان . دواتریش لە رادیۆی کۆمەڵە و بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە کارم کرد . نیوەی یەکەمی هەشتاکان لە پێکهێنانی ناوەندێکی کاری ئەدەبی و هونەریدا بەشداریم کرد کە ناوەکەی بوو بە کانوونی هونەروئەدەبی کرێکاریی کوردستان . کارکردن لەو شوێنانە بۆ من دەرفەتێکی بیٚ وێنەی خوڵقاند . ژومارەیەک لەو کەسانەی لەویٚ ناسیمن و

بوونه هاوکار له من به تەمەنتر و به ئەزموونتر بوون .کاک چاوەی مەریوانی له پێشەنگانی شیعری نوێی کوردی له ڕۆژهەڵاتی کوردستان و له ناوە دیارەکانی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی بوو . مامۆستا عومەری نگڵ پیاوێکی ئەدیب و به ئەزموون بوو و پێشتر ساڵانێک له باشووری کوردستان ژیابوو هەروەها کاک ئەحمەدی ئەسکەندەری که کەسێکی خۆشفکرو بیرورد بوو . ئەوانه ماوەیەکی زۆر له دوو خێوەتدا پێکەوە بووین هەروەها دوکتور جەعفەری شەفیعی که مروفێکی کەم وێنه بوو چەند ساڵ لێپرسراوی ڕاگەیاندن بوو و له باری نووسیندا سەروکارمان لەگەڵ ئەو بوو.

له ساڵی ١٩٩٨ەوە له سوئێد دەژیم لێرە کاتێک پەردەی ژوورەکەم دادەدرێتەوە له بیرم دەچێتەوە من لێرەم له بیرم دەچێتەوە ئەوانەی به شەقامی بەر پەنجەرەکەدا ڕادەبوورن هەموویان نه ناسیاون. له بیرم دەچێتەوە دوورگەیەکم تەریک و چۆڵ له ناوەڕاستی ئوقیانووسێکی نامۆییدا. سووک سووک وەک قۆزاخەلۆکە بەدەم باوە دەڕۆم . دەگەرێم به سەر ئەو جێگایانەدا که بیریان دەکەم . دەدوێم لەگەڵ ئەوانەی خۆشم دەوێن ولێیان دوورم . له یادم دا ئەو گوندەی لێی گەورە بووم له داوێنی چیای ئاڵمەلوو لەبەر مانگه شەوێکی ڕووناک لەشی هیلاکی خۆی به خەو سپاردووە. مروف کاتێک به خەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو هەرگیز ناتوانێ ئەوە ببینێ که شتەکان لەگەڵ تێپەڕ بوونی زەمان گۆڕاون ئەو منداڵانەی پێکەوە ئێواران چاوشارکێنمان دەکرد ئێستا ژن و پیاوی پیرن که قسەیان لەگەڵ بکەی باسی ئەوە ناکەن له سەرلقی کام دار هێلانه کۆترێک هەیه که بچین هێلکەکانی دەربێنین . ئێستا ئەو منداڵانەی ئەوکات هەرکامەیان به قەد چەند هەواڵنێر هەواڵی پێیه له بابەت سوتمان و بۆمباران و وشکه ساڵی و ئەوینی ناکام و هەزار حیکایەتی تاڵ و مزر. ئەو نەمامانەی ئەو کات پێمان لێ دەنان ئێستا هەرکامەیان دارێکن سیبەر له خانوویەک دەکەن ئەگەر وشک نەبووبن و ئەگەر نەبڕابنەوە بەڵام له خەیاڵی مندا منداڵەکان هێستا به دەنگی ئەو کاتیان دەزریکێنن و نەمامەکان هەروا شلکن. خۆشم بێ خەیاڵ و بزۆز له هاتووچۆدام.

گەلێک جار ئەو گوندەی لێی گەورە بووم به ماڵەکانییەوە، به مروفەکانییەوە ، به کانییەکانییەوە و به بۆن و بەرامەی خاکەکەیەوە له یادمدا زیندوو دەبێتەوە . گوندێک لەبەر سێبەری چیای ئاڵمەلوو و له ساوپەنای نزرگەی سوڵتاندا . گوندێک که کانییەک و چەند دیواری نیوە ڕووخاو دەکەوێتە نێوان گەرەکی سەرێ و گەرەکی خوارێ. گوندێک که ژنەکانی و کچەکانی بۆ ئاوهێنان دەچنه کانیی حەمەسنه و پیاوەکانی ئێستاش به تەمان ڕۆژێک له ڕۆژان کانیه سوێر بکەوێتە بەر بەزەیی خوا و پڕ به پلووسکەکەی ئاوی پێدابێ. کانییه سوێر چۆڕێک ئاو و هێندێک قەوزەیه له پەنای کەندەڵانێکی ئەشکەوت ئاسای له خیز و خرکه بەرد له گەرەکی خوارێ له قوولکەیەکدا هەڵکەوتووە له داوێنی ئەو ڕێگایەی ماڵەکان له مەزرا جیا دەکاتەوە. ڕاستیەکەی ئەوەیه که ژیانی ئەو مروفانه زۆرانبازییەکی بەردەوامه لەگەڵ مەینەت و ئازار و دژواری تەنیا بۆ زیندوومانەوە . لەو زۆرانبازییەدا تۆ وەها سەرقاڵی خۆراگرتن دەبی که تا ئاوڕ دەدەیەوە لاوەتیت تێپەڕ بووە و بەفری مووی سپی سەرانسوێکانی ڕوخسارتی داگرتووە . له شێخاڵی ئەوکاتی ئێمه منداڵ بووین جاری وابوو لەسەر تاقەدارەکەی قەبرانی سەرێوە دەنگی کونده بەبوویەک دەهات لەو کاتانه ترس و غایەڵه و بەدگومانی سەرتاپای خەڵکی ئاوایی دادەگرت و دوایی که دیوارێک دادەرووخا به ئەنجامی ئاوازی ئەو باڵنده تەنیایەیان دەزانی بەڵام ژیان لەو گونده بچووکه بێدەنگەش تام و بۆنی خۆی هەیه . بەیانانی بەهار که باڵندەکانی دەخوێنن و ئێوارانی هاوین که خاکی کێوەکان و تەپۆڵکەکانی لەگەڵ هەموو هەنگاوێک بۆنی جاترە و نەعنەی کێویی لێ هەڵدەستێ ئێواران که دەهاتینەوە جل و بەرگمان هەمووی بۆنی خاک و بۆنی گیا بوو. لەوێ بەفردەبارێ و دوای ماوەیەک دەتوێتەوە . نەخۆشی دێ و دوای ماوەیەک تێدەپەڕێ . ڕێبوار و دەروێش و کاروانی و دۆم و وردەواڵه فرۆش دێن و لا دەدەن و دەحەسێنەوە و دەڕۆن. وەرزەکان تێدەپەڕن و هەوروباران تێدەپەڕن و ساڵەکان تێدەپەڕن و ئەوەی تێناپەڕێ مەینەته و هیوایەکی پیری تەمەندرێژ که جێگایان خۆش کردووە و نارۆن.

## سنگێک پڕ له هەناسەی گۆلی وان

پێموایه پاییزی ١٩٨١ بوو له وەتەمیش به تەمای کردنەوەی خوێندنگەی ئاواییەکه بووین لەگەڵ کاک ڕەشادی مستەفا سوڵتانی. ژوورێکی بچووکمان هەبوو له حەوشەی ئەو بینایه که کۆمەڵه کردبوویه دەرمانگا. ژوورەکەی ئێمه پشتی به دەرمانگاکەوە بوو و پەنجەرەی بەرەو ڕۆژهەڵات به ڕووی باغێکدا دەکرایەوە کەلەوە دەچوو پێشتر باغێکی گەورە بووبێ و

ئێستا چەند دارە قەیسیی تێدامابوو. ڕۆژێک چێشتەنگاو لە لای گوندەکانی خوارێوە گرمەی تۆپ و خۆمپارە دەهات لەوە دەچوو لە سەر جادەی نێوان بۆکان و میاندواو پێشمەرگە و هێزی حکومەت تێکهەڵچووبن . تاوێک دواتر تراکتۆریک لە لای گوندەکانی خوارێوە لە لای قازانەسەرەوە هاتە نێو دێ . هاتە بەر دەرمانگا . چەند پیاو بە پەلە دابەزین و لە ترێلیی تراکتۆرەکە دارەتەرمێکیان داگرت هێنایانە نێو دەرمانگاکە دارەتەرمەکە برینداریکی لە سەر بوو . پێشمەرگەیەکی باریکەڵەی باڵابەرز قژ زەردو چاوکاڵ لێفەیەک و یەک دوو پەتوویان بە سەردادابوو لەوەدەچوو خوێنی زۆرلەبەر ڕۆیشتبێ . لێفە و پەتووەکان خوێناوی بوون . پێشمەرگەکە دەلەرزی و چەقووچۆیەک لەشی داگرتبوو . ئەو پیاوانەی لەگەڵ بریندارەکە هاتبوون خەڵکی گوندەکانی چۆمی مەجیدخان بوون . پێشمەرگەیەکیشیان لەگەڵ بوو کە کاتێک دوکتور خەریکی چاولێکردنی برینەکان بوو ئەو لەولا ڕاوەستابوو و هیچی نەدەکوت. بە جلوبەرگ و ڕەنگ و ڕوخسار لە پێشمەرگە بریندارەکە دەچوو نەماندەزانی پێشمەرگەی کام حیزبن . لە یەکێک لە پیاوەکانم پرسی ئەو پێشمەرگانە خەڵکی کوێن ؟ کوتی دەڵێن کرمانجین.

ئێمە دووسێ کەس لەو ژوورە بچووکەدا بە سەر شان و ملی دوکتوردا تەماشای برینەکانمان دەکرد برینێکیان گەورە و قووڵ بوو. ستوونی هێزی حکومەت هاتبوو لە میاندوواوەوە بەرەو بۆکان بچێ پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بەرەنگاری ببوون ستوونەکە مەزراوگوندی دەوروپشتی تۆپباران کردبوون ئەو پێشمەرگەیە پارچەی گوللە تۆپی بەرکەوتبوو دوکتور چەندجاری برینەکە دووریەوە برینەکە تەقەڵی ڕانەدەگرت خوێنیان پێدا و لە چەند کیسەوە هاوکات دەرمان و سێرۆمیان پێدا برینەکە خوێنی نەدەوەستا . پێشمەرگە بریندارەکە هیچی نەدەگوت جاروبار چاوی لە دوکتور و پەرستارەکان دەکرد بزەیەکی دەهاتێ و ددانەکانی لەبن سمێڵە زەردە باریکەکەیەوە وەدەردەکەوتن. بزەکەی پڕ بوو لە ئازاروژان . ڕەنگی هەتا دەهات زەردتر دەبوو ، جووڵەی کەمتر دەبوو دوکتور و پەرستارەکان نەیاندەویست دڵ بە نائومێدی بدەن بە جۆرێک سەرقاڵی چارەسەر بوون کە دەتکوت دڵنیان کارەکەیان سەرکەوتوو دەبێ . پێشمەرگەکە چاوی لە سەریەک دانا لێم ڕوانی بە ئارامی هەناسەی دەدا و سینگی دەبزووت . ئێمە هەمووومان چاومان لەگەڵ دەستی دوکتور و پەرستارەکان دەگەڕا. هەموومان بێدەنگ بە دەم بیم و ئومێدەوە ئەم پێ و ئەم پێمان دەکرد. لە ناکاو دوکتور دەستی شل کردەوە هەستی کرد ئیتر هەناسەیەک نەماوە چاوم لە سینگی پێشمەرگەکرد ئیدی بە هەناسە نەدەبزووت. پێشمەرگەکەی هاوڕێی کە تا ئێستا بێدەنگ لە گۆشەیەک وەستابوو هاتە ژوور سەری بریندارەکە دانەوی و ماچی کرد تەوێڵی ماچ کرد و بە کرمانجی شتێکی کوت وەک ئەوەی ماڵئاوایی لێبکا . پێشمەرگەکەیان خستەوە سەر دارەتەرمەکە دوکتورەکە لە سەر مێزەکەی بەردەمی خۆی سەعاتەکە و جامانە و پاکەتە جگەرە و شقارتە و جلیقەی بریندارەکەی هەڵگرت لەسەر یەکی دانان و هەموویانی دا بەو پێشمەرگەیەی دەگەڵی هاتبوو .

ئەو دوو پێشمەرگەیە و چەند پێشمەرگەی دیکەش کە هێشتا لە مەیدانی شەڕەکە بوون خەڵکی باکووری کوردستان بوون وابزانم خەڵکی دەوروبەری دیاربەکر نازانم ئایا دەگەڵ حیزبی دێموکرات بوون یان خۆیان هاتبوونە ناوچەکە و چووبوونە نێو شەڕەکە. کە هاتن پێشمەرگەیەکی بریندار ئازارێکی زۆری لە گیاندا بوو ئێستا کە دەڕۆیشتن ئەو ئیدی هەستی بە ئازار نەدەکرد و دەتکوت ئازاری هەموو برینەکانی بەسەر جەرگی ئێمەدا بەشکراوە بە تایبەت پێشمەرگەکەی هاوڕێی تەواو چەمابۆوە و دژوار هەنگاوی هەڵدەگرت. لەو کاتەوە هەتا ئێستا ڕوخساری ئەو پێشمەرگە بریندارە بەو سمێڵە زەردە باریکەیەوە لە زەینمدایە . گەنجێک لە گۆلی وان و چۆمی مەجیدخان مەزراکانی جەزیرە و گۆلی مەرزینگان و خەڵکی ئاواییەکانی ئەسپۆغە و ماردینی وەک یەک بە هی خۆی دەزانی وەک چۆن بۆ ئەو هەتاوی دیاربەکر و مهاباد هەر یەک هەتاو بوو.